حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# مەزندەی کاریگەرییەکانی قەیرانی 2014 لەعێراق

©شوباتی 2018
دەستەی ئاماری هەرێمی کورستان
ناونیشانی سایتی ئەلکترۆنی:www.krso.gov.krd
لاپەرەی فەرمی:Contact@krso.gov.krd
تەلەفۆنی بگۆڕ: 70 91 255 066

## لە دەستدانی دەستکەوتی رابردوو:

### خۆشگوزەرانی و کاریگەریەکانی قەیرانی 2014 لە عێراق




قەیرانی 2014

حکومەتی عێراق و بانکی نێودەولەتی, حوزەیرانی 2015

عێراق لە یەك كاتدا تووشی دوو قەیران بوو لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014, یەکێکیان بە هۆی نزمبوونەوەی زۆری نرخەکانی نەوت, و ئەویتر, بە هۆی شەڕی دەولەتی ئیسلامی. لە حوزەیرانی 2014 وە, نرخی نەوتی خاو لە دەوروبەری 112 دولاری ئەمریکی نزمبووتەوە بۆ 67 دولار لە مانگی ئەیلول و 62 دولار لە مانگی کانوونی یەکەم بۆ هەر برمیلێك. بە هۆی پشت بەستنی زۆری عێراق بە نەوتەوە وەکۆ پشکێك لە کۆ بەرهەمی ناوخۆیی و هەناردەکان, و سەرچاوەی داهاتی حکومەت, ئەم نزمبوونەوە لە نرخەکان بەتەنیا گورزێکی گەورە لە ئابووری سستی عێرا دەدات.

زێدەباری ئەمە, لە حوزەیرانی 2014 وە, دەولەتی ئیسلامی یان شەڕخوازانی داعش دەسەڵاتی خۆیان فراوان کرد لە سوریاوە بۆ ناو باکوری عێراق و پارێزگاکانی ئەنبار, نەینەوا, سەلاحەددین لە ڕۆژئاوا, و بە شێوەیەکی کەمتر لە کەرکوك و دیالا. کۆی 354,000 خێزان لە ناوخۆ ئاوارە بوون لە نێوان حوزەیران و کانوونی یەکەمی 2014 کە دەکاتە 2.1 ملیون کەس (سەرچاوە: ڕێکخراوی نێودەولەتی کوچ و کوچبەرانی تراکینگ ماتریکس (IOM-DTM) کانوونی دووەم تا 25 ی کانوونی یەکەمی 2014) و ئەوانەی کە لە پشتەوە بە جێ مابوون لە شوێنی تری وڵات دابڕان. ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs) لە سەر عێراق دابەش بوون و نزیکەی نیوەی ئەم کەسانە کە سنوری پارازگاکانیان تێپەراندبوو چوون بۆ کوردستانی عێراق. خسارەتی سیڤیل لە عێراق بۆ نزیك ئاستی 2007 بەرز بووتەوە (هەژماری سەرکەس لە عێراق (Iraq Body Count)) لە ئەنجامی بەردەوامی توندوتیژی. بوونی نائارامی, هەناردەکردنی نەوت لە باکور ڕاگرت, کاریگەری خراپی کردە سەر بازرگانی و وەبەرهێنان, بۆیتە هۆی لەناوبردنی ژێرخان و دروست کردنی ئاستەنگ بۆ هاتوچوو کردنی کەل وپەل و خزمەتگوزاری لە سەرتاسەری وڵات و نزمبوونەوەی زۆری کۆبەرهەمی ناوخۆی نەوتی و نانەوتی. زێدەباری ئەمە, لەیەك ترازانی وڵات بۆیتە ڕێگر لە کاری ڕێکخستن و چاککردن و لەوانە گەورەکردنی کاریگەریەکان.

### ئاما نجەکان

•ئەم شیکردنەوەیە وەرگێرانی بۆ کراوە لە زمانی ئینگلیزیەوە.

بەهۆی دژواری ئەم قەیرانانە و سروشتی دووبارە بوونەوەی ئەم جورە قەیرانانە لە عێراق, هەژمارکردن و زانینی کاریگەریەکانی لە سەر خۆشگوزەرانی زۆر پێویستە بۆ حکومەت و بۆ بەشداربووانی گەشەسەندن ( development partners). ئەم تۆمارە دەرەنجامەکانی شیکردنەوەی نوێیە لە سەر بنەمای ڕێکاری لەیەك چونی یەکە بچوکەکان ( micro-simulation approach). ئەم ڕێکارە سوود لە داتای ئابووری زل, پێشبینیەکان بۆ داهاتوو و هەروەها داتای ڕووپێوی خێزان وەردەگیرێت بۆ پێشبینی کردن و شیکردنەوەی هەژاری لە شوێن و کاتی جیاواز ( complex and dynamic poverty) و کاریگەری قەیران ( distributional impact) . لێکولینەوە دەکات لە :

i. چۆن قەیرانەکان کاریگەری لە دانیشتوان کردووە,

ii. زانینی دابەش بوونی کاریگەرییەکان بە پێ ناوچە,

iii. خەملاندنی کاریگەری قەیرانەکان لە ڕێگای ئاستی بچووکی و گەورەیی شوك (گەورەیی قەبارەی ئاوارەی ناوخۆیی لە سەرەتا),

iv. پێشبینی کردنی کاریگەری هەژاری لە سەر ئەوانەی کە هەژار بوون و ئەوانەی کە هەژار کەوتوونە (بە ڕاگوازراوە ناوخۆییکانەوە (IDPs)), و

v. بەراووردکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵەیە.


ئەو دەرەنجامانەی کە لێرەدا هاتوونە ئەوانەن کە پێشبینی داهاتوویان بۆ کراوە بە پێی داتای دەست کەوتوو لە دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێم ئەو و گریمانانەی دوای گوفتگو کردن و ڕێککەوتن لە گەڵ هاوکاران لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان. شیکردنەوە تەنیا بۆ ساڵی 2014 کراوە, و ئەنجامەکان خەملێنراوی ڕەسمی نین. بە پێچەوانەوە, ئەمانە بۆ سیاسەتدانەران ئامادە کراوون. ئەم ڕێکارە شێوازێکی تەکنیکی پێشکەوتووە و هەمووی ئەو داتانەی کە ئێستا بەردەستن بە کار دێنێت. ئەم ڕێکارە باشترین جێگرەوەی هەیە لە کاتی نەبوونی داتای تازە (داتای بڵاو کراوە دوای کۆکوکردنەوە), کە لە وانەیە گوزارشت لە کاریگەرییەکانی ناخواستەی گەورەتر بکات.

**سیناریوکان و گریمانەکان: بارودۆخی ئاسایی بەرامبەر بە قەیران**

ڕێکاری شێوەناسین ( methodological approach) سوود لە بەراوورد کردنی دوو سیناریۆ وەردەگرێت, یەکێکیان سیناریۆی کاریگەری خۆشگوزەرانیە لە کاتی نەبوونی جۆلە, و ئەوی تر, سیناریۆی قەیرانەکانی ئێستایە. بە بەکارهێنانی داتای وورد ژێرخانی ساڵی 2012 ( ڕووپێوی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان لە عێراق), و داتای ئابووری زل (macroeconomic) بۆ ساڵی 2012-2013, و 2014, هەروەها کۆمەڵێك گریمانە, کاریگەریەکانی قەیرانەکان لە ڕێگای بەراووردکردنی ئەم دووسیناریونانەی وێنەکراو دەخەملێنرێت بۆ ساڵی 2014:

a) بارودۆخی ئاسایی (Business (BaU) as Usual): وا گریمان دەکرێت کە کە خەلك و ئابووری بە پێی بارودۆخی ئاسایی جارانی خۆ کار دەکەن, بە هۆی نەبوونی شوك لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013.

b) قەیرانەکان: خەلك و ئابووری تێکەل بوون لە گەڵ کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخ نەوت, شوکی گەورە بەهۆی دەولەتی ئیسلامی, و ڕاگواستی زۆرە ملێ ناوخۆیی.




**شیکردنەوە 18 پارێزگای عێراقی بە سەر 6 ناوچە دابەشکراوە**

1. هەرێمی کوردستان: دهۆك, سلێمانی و هەولێر
2. بەغداد
3. لە ژێر کاریگەری دەولەتی ئیسلام: ئەنبار, نەینەوا و سەلاحەددین
4. بەشی تری باکور: دیالی و کەرکوك
5. ناوەند: بابل, واست, نەجەف و کەربەلا
6. باشور: بەسرا, زیقار, میسان, موسەننا و قادسییە

**گریمانەکان سەبارەت بە ڕاگواستراوەکانی ناوخۆ و خەلکانی ژێر کاریگەری دەولەتی ئیسلامی:**

بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم کارە, خەلکانی ڕاگواستراوی ناوخۆ (IDPs) بەم شێوازە پێناسە

: ئەو عێراقیانەی كە بە ناچاری لە سنوری پارڕێزگاكان ڕاگواستراوون بە هۆی توندوتیژییەكانی دەوڵەتی ئیسلامی و نەبوونی ئاسایش. قەبارە و ئاراستەی ئەم شەپۆلە لە خەڵكانی ڕاگواستراو بە پێی داتای ڕێكخراوی نێودەوڵەتی كوچ و كۆچبەرانی *تراكینگ ماتریكس* ( IOM-DTM ) بووە ( كانوونی دووەم تا كانوونی یەكەمی 2014 ). خەڵكانی لە پشت بە جێ ماوە ئاماژە بەو خێزانانەیە كە بەردەوامن لە ژیان لە پارێزگانی ژێركاریگەری دەوڵەتی ئیسلامی. زێدەباری ئەمە, گریمانەكانی بەجێ هەن سەبارەت بە خساراتی خۆشگوزانی خەڵكانی ئاوارەی ناوخۆیی و ئەو خەڵكانەی كە بەردەوامن لە ژیان لە پارێزگاكانی ژێر كاریگەری دەوڵەتی ئیسلامی كە پێدەچێت هێشتا لە ژێر كاریگەریەكاندا بن.

پوختەی ئەم بابەتانە لە خوارەوە هاتووە:

| | |
|---|---|
| ئاوارەی ناوخۆیی | لە پشتەوە بە جێ ماوە ( پارێزگاكانی لە ژێر كاریگەری دەولەتی ئیسلامی ) |
| نەبوونی دامەزراندن لە كەرتی تایبەت | لە دەست دانی 60٪ لە داهات |
| نەبوونی گواستنەوە لە كەرتی تایبەت | , لە دەست دانی گواستەوەی گشتی و تایبەت ( جگە لە خانەنشینی ) |
| نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ خاوەن ماڵەكان | |
| لە دەست دانی هەموو هەبووەكانی جێگیر | |
| لە دەست دانی 50٪ لە خزمەتگوزای نیشتەجێ بوون | |

**كاریگەرییەكانی قەیران : گەشەی ئابووری زل**

**دابەزینێكی 15 لە سەدی كۆبەرهەمی ناوخۆیی**

بە پێی بارودۆخی ئاسایی, ڕێژەی گەشەی كۆبەرهەمی ناوخۆی لە عێراق لە نێوان ساڵانی 2013 و 2014 و ساڵانی 2012 و 2013 یەكسان بووە و ڕێژەكەی 9 لە سەد بووە بۆ هەر ساڵێك. لە بەرامبەردا, خەملێنراوە ڕەسمیەكان بۆ ساڵی 2014, كە ڕەچاوی شۆكە ئابوورییەكانی زلی كردووە لە ئەنجامی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی و هەروەها لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت, باس لە دابەزینی ئابووری عێراق دەكات بە ڕێژەی 6 لە سەدا. بەم شێوازە, شۆكە گەورەكان بوینە هۆی دابەزینی 15 لە سەدی چاڵاكیە ئابوورییەكان

**بە تایبەت لە كەرتی بەرهەم هێنان و ئاوادانكردنەوە ( manufacturing and construction sector )**

كەرتی بەرهەم هێنان و ئاوادانكردنەوەی تێكەڵاو, ڕێژەی نزمبوونەوەی گەشە كردن بە 45 لە سەدا خەلێندراوە, نزمبوونەوەیەك لە 27 لە سەدی *لە بارودۆخی ئاسایی* بۆ ڕێژەی 18 لە سەد لە *ماوەی قەیرانەكانی* ساڵی 2014. بە پێ خەملێنراوەكان ڕێژەی نزم بوونەوە بۆ كەرتەكانی تری ئابووری ڕێژەیەكی كەمتر پیشان دەدات.

**كاریگەرییەكانی قەیران : بازاری كار و داهات**

**زیاد كردنی 800,000 كەسی بێكار لە عێراقی**

خەملاندن كراوە كە قەیرانەكانی 2014 بۆیتە هۆی لە دەست دانی 800,000 دەرفەتی كاری . ئەمە ئەوە دەگەینێت كە 800,000 كەسی تر لە خەلكی عێراق لە تەمەنی 15-64 ئیستا بێكارن بە پێی سیناریۆی *بارودۆخی ئاسایی*.

هەروەها, پێدەچێت دامەزراندن بۆ كاری بەرهەمهێنەر و داهاتی زۆرتر لە بواری بەرهەمهێنان و ئاوەدانكردنەوە دەگۆڕێت بۆ كاری بە بەرهەمی كەمتر و داهاتی كەم تر و لە وانە كارەكانی نافەرمیتر وەكو بواری كشتوكاڵ و خزمەتگوزاریەكان. ئەمە جێگای نیگەرانیە لەبەر ئەوەی كە زۆربەی زۆری عێراقیە هەژارەكان لە ساڵی 2012 لە بواری ئاوەدانكردنەوە و كشتوكاڵی كاریان دەكرد . لەلایەكەوە, ئەم كەسانە كار لە دەست دەدەن ( لە ئاوەدانكردنەوە ) و لە لایەكی ترەوە, ڕوودەكەنە كارەكانی ناجێگیر و بێ دڵنیایی لە بواری كشتەكاڵ ( داهاتیان لە پێشتركەم بووە و تەنانەت لە 2012 وەش دابەزیوە )




## نزمبوونەوەی یەکجار لە داهاتی کار

بە ڕەچاوکردنی قەبارەی داکشانی ئابووری, و کاریگەریەکانی لە سەر بازاری کار, قەیرانەکان کاریگەری توندی لە سەر داهاتی کاری هەر تاکێك کراوە کە بە 65 لە سەد دەخەملێندرێت لە داهاتی هەر تاکێك. بەرامبەر ***بارودۆخی ئاسایی,*** داهاتی هەر تاکێك تا 14 لە سەدی دابەزیوە لە سیناریۆی قەیران, کە بۆتە دابەزینێکی 20 لە سەدی لە داهاتی کاری هەرتاکێك, و دابەزینیکی کەمتر لە سەرچاوەکانی تری داهات وەك ***داهاتی بەدەست هاتوو جگەلە کارکردن*** ( non-*labor*) و گواستنەوەی گشتی و تایبەت ( public and private transfers). ئەمە هەروەها لە دابەزینی بەرچاو لە بەکاربردن بۆ هەرتاکێك بەدی کراوە (خۆشگوزەرانی لە سەر بنەمای هەژاری هەژمارکراوە) کە بە تێکرا 10 لە سەدا کەمترە بە هۆی قەیرانەوە.

**کاریگەرییەکانی قەیران: هەژاری و نابەرابەری**

## لەدەست دانی دەستکەوتەکانی ڕابردوو

بە پێی ئەم خەملێراوانە, دەردەکەوێت کە پێدەچێت قەیرانی 2014 کاریگەری بەرچاو و توندی لە خۆشگوزەرانی کردووە. ئەگەر هیچ شۆکێك نەبوایە, ڕێژەی هەژاری (poverty headcount) پێشبینی دەکرا نزم بێتەوە لە ڕێژەی 19٪ لە 2012 بۆ 15٪ تا ساڵی 2014. بەڵام بە هۆی دوو شۆکی نەرێنی, شیکردنەوە پێشان دەدات کە هەژاری زیادی کردبێت بۆ 22.5٪ لە 2014. ئەمە ئاماژە بە زیادکردنی کاریگەریی قەیرانە لە سەر هەژاری بە ڕێژەی 7.5 خاڵی سەدی ( percentage point). زێدەباری ئەمە, هەژارانی ئێستا هەن کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاری. هەربۆیە, خەملینراوەکان دەردەخان کە ڕێژەکانی هەژاری گەڕاونەتەوە بۆ ئاستەکانیان لە ساڵی 2007, نزمبوونەوەی داهات لە 2007 تا 2012.


## زیاد کردنی هەژاری لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ژێر کاریگەری دەولەتی ئیسلام

ئەمە جێگای سەرسورمان نیە کە گەورەترین کاریگەریەکانی ناخۆش لە کوردستان و پارێزگاکانی کاریگەر بە دەولەتی ئیسلامی بەدی بکەوون , بەڵام بە هۆکاری جیاوازەوە. لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێژەی هەژاری تا چوارئەوەندە زیادی کردووە, لە 3.5٪ ***لە بارودۆخی ئاسایی*** بۆ 12.5٪ بەهۆی هاتنی ئاوارە ناوخۆییەکان و زیاد کردنی کێبڕکێ بۆ بەدەست کەوتنی کار, کەل وپەل و خزمەتگوزاریەکان. لە پارێزگاکانی کاریگەر بە دەولەتی ئیسلامی, بە هۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی گرفتی ئابووری, کۆمەڵایەتی و ئاسایش,دەخەملێندرێت کە ڕێژەی هەژاری

دووبەرامبەر بوبێت و گەشتبێتە 41.2 لە سەد بە پێی *سناریوی قەیران* (لە بارودۆخی قەیران). لە کاتێك کە کاریگەرییەکان لە شوێنەکانی تری عێراق کەمترە, بەڵام هەژاری لە هەموو شوێنەك زیادی کردووە. بە تایبەتی لە باشور, ئەو شوێنەی کە هەژاری هەمیشە لە سەرەوە بووە, ئاستی شوکەکانی گەورە و زیاتر بووە و ڕێژەی هەژاری بۆ سەرەوەی 30 لەسەد دەخەملێندرێت.

لە کاتێك کە پێشبینی ناکرێ کە قەیرانەکان بووبنە هۆی زیاد کردنی نابەرابەری (بە تێکرا) لە ئاستی کۆمەڵگادا, خەملێنراوەکان ئاماژە بە زیاد بوونێك لە نابەرابەری لە کوردستان, بەغداد و پارێزگاکانی کاریگەر بە دەولەتی ئیسلامی دەکەن.

| ڕێژەی هەژاری | | | |
|---|---|---|---|
| | 2014 | | |
| | بارودۆخی ئاسایی | قەیران | کاریگەری |
| عێراق | 15 | 22.5 | 7.5 |
| کوردستان | 3.5 | 12.5 | 9 |
| بەغداد | 8.5 | 12.8 | 4.4 |
| کاریگەر بە دولەتی ئیسلامی | 20.5 | 41.2 | 20.6 |
| شوێنی تر- باکور | 12.1 | 17.7 | 5.6 |
| ناوەند | 12.7 | 18.6 | 5.8 |
| باشور | 26.1 | 31.5 | 5.5 |





شی کردنەوە هەروەها جیاوازی داناوە لە لە نێوان "هەژاری نوێ", ئەو خێزانانەی کە ئەنجامی قەیرانەکان کەوتوونە ژێر هێڵی هەژاری, و " هەژارانی کە بۆنیان هەبوو" ئەو خێزانانەی کە بە پێی *سیناریۆی بارودۆخی ئاسایی* هەژار بوونە و ئەوانەی بەردەوام بوونە لە ژیان لە ژێر هێڵی هەژاری لە *سیناریۆی قەیران*.

## 2.8 ملیون کەس کەوتوونەتەوە ناو هەژاری بە هۆی قەیرانەوە

لە 8 ملیون خەملێنراوی خەلکی هەژار لە عێراق بە پێی *سیناریۆی قەیران* لە 2014, 36٪ " هەژاری نوێن" . ئەم خێزانانە کە نەبوایە هەژار بوبێن بە پێی *سیناریۆی بارودۆخی ئاساییدا*, تووشی 40٪ نزمبوونەوەی بەکاربردنی سەرانە و زیاتر لە 50٪ نزمبوونەوەی داهاتی سەرانە بوینەتەوە لە دەرەنجامی قەیراندا. هەمووی ئەمە بە هۆی کەوتنێکی زۆر لە داهاتی کار ڕوویداوە. تایبەتمەندیەکانی دیموگرافی ئەم خێزانانە لە نێوان "هەژاری کە بوونیان هەبوو" و تێکرادایە کە هەروەها وادەگەینێت کە ئەم خێزانانە لە نزیك بە ناوەندەوە کەوتوونەتە ژێر هێلی هەژاری.

دەگوترێت, زۆربەی 8 ملیون خەلکی هەژار لە عێراق لە قەیرانی 2014 لەو خێزانانە پێك دێن کە پێشتر لە ژێر هێلی هەژاریدا بووینە و دواتر زیاتر لە ناو هەژاری تێوەگلاوون.

*لە 8 ملیون خەلکی هەژار لە عێراق بە پێی سیناریۆی قەیرانی 2014*




## کاریگەرییەکانی قەیران: خەڵکانی ڕاگواستراوی ناوخۆ

شەپۆلی خەڵکانی ڕاگواستراوی ناوخۆ کە سنوری پارێزگاکانیان دەرباس کردووە 1.3 ملیون لە کۆی 2.1 ملیون خەڵکی ڕاگواستراوەی ناوخۆیی ساڵی 2014 ی پێك دێنن. لەکاتێك کە شی کردنەوە تەنیا ڕەچاوی ئەو خەڵکە ڕاگواستراوەی کردووە کە لە پارێزگاکانی خۆیان دەرکەوتوونە، پێشان دەدات کە ئەم خەڵکە لە ڕووی خۆشگوزەرانییەوە توشی شوکەکی گەورە هاتوونە بە دابەزینی یەك لە پێنجی بەکاربردنی سەرانە لە بارودۆخی *سناریوی قەیران* بەرامبەربە *سناریوی کەسپ وکار لە بارودۆخی ئاسایی*، و کاریگەری گەورەتر لە داهات کردووە.

### 4 لە 10ی ئاوارە ناوخۆییەکان هەژارن

دابەزینی زۆری داهات لە نێوان ئەم کۆمەڵەیە کاریگەرتر بووە بەهۆی لەدەست دانی داراییەکان و شوێنی نیشتەجێ بوون، کە نیشانەی بەرزبوونەیەکی بەرچاوی هەژارییە لە نێو ئەو خێزانانەی کە بە هۆی قەیرانەوە بووینەبە ئاوارەی ناوخۆیی- لە 23٪ *بارودۆخی ئاسایی* بۆ 38٪ لە *قەیران*. بە واتەیەکی تر، 4 لە 10ی ئاوارە ناوخۆییەکان ئێستا هەژارن. ئەم مەزندەیە ڕاگواستن لە ناو سنورەکانی پارێزگا کانی لەخۆ ناگرێتەوە، هەر بۆیە ژمارەکە کەمترە پێشان دەدات.

بەگشتی، ئاوارەناوخۆییەکان بە تەنیا نیوەی یەك ملیون هەژاری زیادە یان "هەژاری نوێ" لە عێراق پێك دێنن – ئەو خەلکانە کە لە دەرەنجامی قەیران کەوتوونە ناو هەژاری. ئەم 20 لە سەد زیادکردنەوەی خەڵکی هەژار دەکاتە 2.8 ملیون خەڵکی هەژاری زیادە. ئەگەر چی، پشکی ئاوارە ناوخۆییەکان لە "هەژاری




نوێ" بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرانسەری عێراق جیاوازە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق "هەژاری نوێ" 62 لە سەدە. لە لایەکی ترەوە، لە باشور، ئاوارە ناوخۆییەکان تەنیا 2 لە سەدی هەژاری زیادە پێك دێنن، ئەو شوێنەی کە کاریگەری قەیران تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی شوکەکانی ئابووری زلەوە بووە.




*ئەم پێزانینە پوختەیە کە لە دەرەنجامەکانی کاری بانکی جیهانی بە هاوکاری وزارەتی پلاندانان و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان . ووردەکاری زیاتر لە بەردەستە لە یادداشت یان پێزانینی تەکنیکی: " لەدەست دانی دەستکەوتەکانی ڕابردوو: خۆشگوزەرانی و کاریگەری جوت قەیرانی 2014 لە عێراق- ڕێکاری هاو گریمانەی وورد ( Micro simulation")، بانکی جیهانی 2015.*